www.kurdistannet.org

**گرنگ ئەوەیە لەم رێکەوتننامەی پارتی و یەکێتی دا بەرژەوەندیەکانی توکیا نە پارێزد رێت ٠ ئارام**

عەزیز

لەمرۆژاندا هەڵسەنگاندی جۆراو جۆر و با یەخێکی زۆر لە لایەن رۆژنامە کوردی ، عەرەبی ، تورکی و بگرە بە زمانەکانی د یکش د راوە بە سەردانەکەی ئەم د وایەی مام جەلال و کاک مەسعود بۆ ئەوروپا ٠ بەشێکی زۆری هەواڵ نێر و رۆژنامەنوسان سەفەرەکەی سەرۆکی پارتی د یموکراتی کوردستان ، دۆستی د ێرنی ئەنقەرە و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، هاوپەیمانی نوێی تورك لەو روانگەیەوە هە ڵ دەسەنگێنن کە ئەو دوو سەرکردەیە بە رێگای تورکیادا دەربازی ئەوروپا نەبوون ، ئەم لێکدانەوە یش ئەوە دەگەیەنێت کە چیتر پارتی و یەکێتی بایەخی ئەوتۆ بە پاڵپەستۆکانی ئەنقەرە نادەن ، بێگومان بەوەش کوردستانی باشوور هەنگاوێکی دیکە دەهاوێتە قۆنغی سەربەخۆی سیاسی و نەتەوایەتیەوە ٠ بەڵام من پێم وایە گرنگی سەردانەکەی مام جەلال و کاک مەسعود بۆ ئەوروپا لەوەدایە کە لەم رێکەوتننامەیەدا بەرژەوەندیەکانی تورکیا نەپارێزن و بەسەر ئەنقەرەدا نەگەرێنەوە بۆ پاکانەکردنی ٠ گەر چی ئە وە کارێکی چاوە روانەکراوە لەو دوو لایەنە، چونکە بە پێی رۆژنامەیەکی تورکی یەکێتی و پارتی بەرلە دوو مانگ خاڵە گرنگەکانی پێکەوە دانیشتنی ئەمجارەی بارزانی و تاڵەبانی بۆ تورکیا رونکردوەکردووە کە وا جگە باس لە کێشەی نێو خۆی پارتی و یەکێتی ، نەخشەو پلانی هیچ گۆرانکاریەکی دیکە لە گۆرێدا نابێت ٠

بێگومان ئەو گۆرانکاری نەکرد نیش کە پ٠د٠ك و ی٠ن٠ك ئەنقەرەی لێ دڵنیا دەکەن تەنها دە ستکاری نەکردنی خاکی عێراقە ، واتا باس نەکردن لە پرۆژەی جیابوونەوەی کوردستانی باشوور لە ئێراق لە بەر بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا٠سەرانی یەکێتی و پارتی لە پێناو دڵنەوایکردنی وڵاتانی دەور و بەر، گۆرینی جوگرافیای ئێراق لە گۆرنی سورەتی ئەنفال لە قورانی پیرۆزدا بە نەگۆرتر دەزانن بۆیە هەمیشە بەڵێنەکانی خۆیان دووپاتدەکەنەوە لە بەرز راگرتنی بەرژەوەندی دوژمنانی کورد ٠ بە درێژای مێژوی شۆرشی نوێ ئەو کورد کوژیەی کە ئەو لایەنە لەو سێ پارچەی کوردستاندا بەرپایانکرد ، تا دەگاتە دابەشکردنی کوردستانی خوارو بە سەر دوو میرنیشنی سۆران و بارزاندا ، تەنها لە قازانجی نەیارەکانی کورد دابوە٠تاوەکو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە تورکیادا بە هێزنەبوو ، ئەنقەرە باکی لە سەرهە ڵدانی کورد لە باشوور نەبوو، بەڵام کە پارتی کرێکارانی کوردستان فشاری بۆ هێنا ، تورکیا بە مەبەستی سەرکوتکردنی پە٠کە٠کە لە سەرەتادا کەڵکی باشی لە چەکدارەکانی پارتی و پاشان یەکێتی بە جیا جیا و

www.kurdistannet.org

هاویەش وەرگرت ٠ شەرەی پ٠د٠ك و ی٠ن٠ك لە دژی پ٠كە٠كە بۆ توركیا، و پاشان شەری خۆكوژی لاوازی هۆشی سیاسی و نەتەوایەتی ئەو دوو لایەنەی بۆ هەموو لایەك ئاشكرا كرد بۆیە لە كاتی سەر لێشوانەكەی پارتی كرێكارانی كوردستاندا، واتا پاش گرتنەكەی ئۆجەلاّن ، ئەنقەرە شەرت و شروتی زیادی بە سەر پارتی و یەكێتی دا دەسەپاند ٠نارازی بوونی تورك لە دەستكاریكردنی خاكی عێراق لە لایەن كورددە وە ، و بایەخدان بە توركمان لە گشت روویەكەوە لە كوردستانی باشوور و ئاگاداركردنەوەی توركیا لە هەر هەنگاو ورێكەوتننامەیەك كە پ٠د٠ك و ی٠ن٠ك پێیهلّسن ، شەرتی سەپێندراوی كەملێستەكان بوو بەسەر ئەو دوو لایەنە دا ٠سپاردنی دەقی رێكەوتننامەكانی پاریسی سالّی ٩٣ و واشنتۆنی سالّی ٩٨ بە توركیا لە لایەن یەكێتی و پارتی وە ، جێ بە جێكردنی ئەو مەرجەی ئەنقەرە بوو ، باس لە رێكەوتننامەی سالّی ٩٦ كە لە توركیا بوو هەر ناكەین ، چوونكە ئەوە تەنها بۆ پێك هێنانین پ٠د٠ك و ی٠ن٠ك بۆ شەرێكی دیكەی كورد كوژی بوو ٠ یەكێتی و پارتی نەك تەنها شەری كورد بۆ ئەنقەرە دەكەن و ئەنجامی گشت رێكەوتننامەكانیان بۆ ئاشكرادەكەن ، بە لّكو لە چەندین بەیاننام و وتەی رەسمدا بانگەشەی ئەوەیان كردوە كە ئەگەر كوردستان سەربەخۆش بكرێت ئەوان نایانەوێت ، بێگومان ئەو هەلّوێستەشیان لە پێناو داخوازییەكانی توركیادایە ٠لەوەش زیاتر ، ئەو دوولایەنە بەو پەری بێشەرمیەوە ئادەیی خۆیان دەربری كە لە كاتی شەری ئەمجاری ولاّتە یەككگتووە كانی ئەمەریكا بۆ لابردنی رژێمی سەدام ، كە كوردستانی باشوور بە ژاندرمەكانی ئەتاتورك بسپێرن بۆ ئەوەی ئەنقەرە بێخەم بێت لە وەی كە ی٠ن٠ك و پ٠د٠ك نیازی سەرفەرازی كوردیان نیە ٠سەركردەیەك كە دانو ساندی بە خوێنی سەدان هەزار شەهید و چارەنوسی چەندنی میلوێن كوردەوە بكات لە پێناوی بەرژەوەندی دوژمندا ،ئاخر كەی بە توركیادا دەرباز نەبوونیان جێگای بایخ وچاوەررانیی هەلّوێسی سەر بەخۆیی لێدەكرێت٠